بزوتنەوەی گۆڕان

ژوری توێژینەوەکان

# هەرێمی کوردستان
# لەبەردەم بژاردەی سەربەخۆیی ئابوریدا




ئا: ئەلەند مەحوی

ئایاری 2015

# پێڕست


سەرەتا ........ 2
ڕێککەوتنی بەغدا - هەولێر ........ 3
پاساوەکانی بەغداد ........ 7
سەربەخۆیی ئابوری ........ 8
ئاستی بەرهەمی هەرێم ........ 9
بەردەوامی ڕێکەوتنەکە ........ 10
پێداچونەوە بە ڕێکەوتنەکە ........ 11
ڕێککەوتنێکی نوێ ........ 12
فرۆشتنی سەربەخۆیانەی نەوت ........ 13
بەربەستەکان ........ 12
دەرئە نجام ........ 18
ڕاسپاردەکان ........ 19
سەرچاوەکان ........ 20

## سەرەتا

هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی عێراق ماوەی هەشت ساڵە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی نەوت رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 2007 یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد و حکومەتی هەرێمیش دەستی کرد بە ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی.

حکومەتی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی 2015دا، بە پاساوی گرفتی تەکنیکی نەیتوانی پابەندبێت بەو رێکەوتنەی کە کۆتایی 2014 لەگەڵ بەغدا ئیمزای کردبوو، دوو مانگی دواتریش حکومەتی ناوەندی عێراق رێکەوتنەکەی شکاند. برگەی سێ لە ماددەی 11ی یاسای بودجەی 2015ی عێراقیش، ئەو دەسەڵاتە دەدات بە هەر لایەنێکیان، رێکەوتنەکە رابگرێت، ئەگەر لایەنی بەرامبەر پابەند نەبوو بە بەرپرسیارێتیەکانی سەرشانی.

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی دەرفەتی گفتوگۆ و رێکەوتنی لەگەڵ بەغداد دانەخستوە، بەڵام ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ئابوری هەنگاو دەنێت، واتە خۆی نەوتەکەی خۆی بفرۆشێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2013، یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە داهاتە فیدراڵیەکان

ئەگەرچی ئەم بژاردەیە لە گەرمەی قەیرانی دارایدا (2014) بۆ ماوەی چەند مانگێك لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە تاقیکراوەتەوە. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بژاردەی تریشی لەبەردەستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق، ئەگەر بیەوێت لەم قۆناغەدا لەگەڵ بەغداد بمێنێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ووردی لێکۆڵینەوە لە پرسی سەربەخۆیی ئابوری هەرێمی کوردستان دەکاتو چەند بژاردەیەکی تریش دەخاتە بەرچاوی ناوەندەکانی بڕیار، کە دەشێت کاریان لەسەر بکرێت. بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی نێوان هەولێرو بەغداد.

## ڕێککەوتنی بەغدا – هەولێر

حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی (حەیدەر عەبادی) کە لە 8ی ئەیلولی 2014 پێکهات، هیوایەکی تری بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەخشی، کە دەتوانێك کۆتایی بە بڕینی پشکی بودجەی هەرێم بهێنێت، بەتایبەت کاتێك کە وەزارەتی نەوتی عێراق بە (عادل عەبدولمەهدی) "دۆستی کورد"سپێردرا.

عادل عەبدولمەهدی ڕۆڵی ئیجابی بینی لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی 2014/11/13 نێوان هەولێر و بەغدا، کە دواتر ئەو ڕێکەوتنە لە ناو یاسای بودجەی 2015ی عێراقدا پەسەندکرا.

بەپێی ئەو ڕێکەوتنە، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆیو 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك لە ڕێگەی بۆری کوردستان – جەیهانی تورکیەوە ڕادەستی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) دەکات. لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق لە17٪ی بودجەی عێراق (یەك ترلیۆن و 200 ملیار) دینار بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت. هەر بەپێی ڕێکەوتنەکە ئەگەر هەر لایەنێك لەم دوو لایەنە پابەند نەبوو بە ڕێکەوتنەکەوە، لایەنەکەی تر دەتوانێت ڕێکەوتنەکە لای خۆیەوە رابگرێت.

لە سێ مانگی یەکەمی 2015دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاساوی کێشەی تەکنیکی نەیتوانی پابەندبێت بەو بەرپرسیارێتیەی کە بەپێی ڕێکەوتنەکە لە ئەستۆی بوو، کە بریتی بوو لە ڕەوانەکردنی (550)هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. بەڵام دوای ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەکی هاوبەش، حکومەتی عێراق ڕازیبوو بەوەی ڕێکەوتنەکە بەردەوام بێت، بەمەرجێك دوای ئەو سێ مانگە حکومەتی هەرێم نەوتی زیاتر هەنادرە بکات، لەو بڕەی کە بۆی دیاریکراوە لەڕێکەوتنەکەدا.

لەم ڕووەوە ڕۆژی 4ی ئاداری 2015 وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کرد، کە لەمانگی نیسانی 2015دا بڕی 16,878,985 بەرمیل نەوتی خاو، بە تێکڕای 562,633 بەرمیلی ڕۆژانەی لەڕێی هێڵی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جیهان کردوە لەتورکیا.

لەم بڕە، کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بە 12,457,371 بەرمیل، واتە بەتێکڕای 415,246 بەرمیلی ڕۆژانە بەشداریان کردوە، لەکاتێکدا کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور بە 4,421,614 بەرمیل، واتە تێکڕای 147,387 بەرمیلی ڕۆژانە بەشداربون.

هەر بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەکۆتایی مانگی نیساندا، ئاستی کۆگاکانی عەمبارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەندەری جەیهان لە 1,182,094 بەرمیلدا بوەو هەموی رادەستی سومۆکردوە، وەك بەشێك لەپابەندبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەم بارەیەوە ڕەخنەی ئەوە ڕوبەڕوی حکومەتی هەرێم دەبێتەوە، کە روئیای دوور مەودا و پلانی ستراتیژی نەبووەو پێشبینی ئەوەی نەکردوە، بەغداد جارێکی تر بەڵێنەکانی خۆی بشکێنێت بەرامبەر هەولێر، تەنانەت ئەگەر لە رێکەوتنیشدا بەڵێنی دابێت.

لە بەرامبەر ئەم پابەندبونەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویست بوو حکومەتی ناوەندی عێراق لانی کەم 850 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، ئەگەرچی حکومەتی ناوەندی عێراق بڕیاری دابوو 543 ملیار دینار بنێرێت، بەڵام 10٪ی تری بڕی و تەنها 488 ملیارو 700 ملیۆن دیناری بۆ هەرێم ناردووە.

ئەمەش پاساوی ئەوەی دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە بژاردەی تر بکاتەوە، سەبارەت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق، کە دەتوانین نزیکترینیان لە سەربەخۆی ئابوری و پێداچونەوە بە رێکەوتنەکەی هەولێرو بەغدا، یان ئیمزاکردنی رێکەوتنێکی نوێ ببینینەوە.

# محضر اجتماع في وزارة النفط – بغداد

٢٠١٥/١/٨

بحضر د. عادل وزير النفط

1.اول ٣ اشهر ٣٧٥ الف برميل كمعدل يومي

2. بقية العام اكثر من ٦٠٠ الف لتكملة ٥٥٠

3.تواجد مشترك في كل المواقع المشتركة وبالتاكيد جهان و فيشخابور وافانا

4.سياسة سعرية واحدة لبيع النفط الخام في جهان اعتبارا من اول شباط اضافة لتحديد المواصفات

5.اعادة تجهيز الغاز في محطات حقل باي (أ –ب – ٤ ) و (أ –ب– ٥ ) و محطة (أ –ب–١ ) في قبة آفانا لمجمع غاز الشمال

# محضر اجتماع في وزارة النفط - بغداد

6. تعاون لتقديم كل المساعدات للاقليم كقطع الغيار و الخبراء من اجل صيانة محطة ضخ آفانا - المحطات التوربينية

7. اجراء كشف على وحدتي النزع البارد في محطتي ( هنجيرة ) و ( شوراو ) للاستفادة منه في الاقليم

8. اسستقبال الغاز الخام من الاقليم ومعاملته في مجمع غاز الشمال واعدة الغاز الجاف للاستفادة منه في الاقليم

9. حضور ممثلي من الاقليم للمشاركة في اجتماعات خطة انتاج و تصريف النفط الخام و لجنة التسعيرة و فتح مكاتب متبادلة في الوزارتين لغرض التنسيق و المتابعة.

10. بعد تصديق الموازنة الاتحادية تبدأ المباحثات على اعلى المستويات لحل كل القضايا ~~العلقة~~ العالقة في موضوع النفط

## پاساوەکانی بەغداد

هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پێویستی بە بودجە هەیە بۆ دابینکردنی موچەو خزمەتگوزاریەکان، لە هەمانکاتدا شەڕی داعش بەرۆکی گرتووەو زیاتر لە یەك ملیۆنو 500 هەزار ئاوارەی ناوەڕاستو خوارووی عێراقو سوریاش بونەتە بارگرانی بەسەر هەرێمەوە.

حکومەتی ناوەندی عێراق لە کێشەی نەناردنو کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستاندا چوار پاساوی هەیە، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە، بەڵام ئەم پاساوانە لەلایەن هەرێمەوە بەهۆی پابەندنەبونی بەغداد بە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی 2015وە ڕەتدەکرێتەوە.

1. حکومەتی عێراق لە دوای فرۆشتنی نەوتەوە، لە رێگەی خۆیەوە بێت، یان لە رێگەی هەرێمەوە، 30٪ی بودجەی سیادی لە کۆی گشتی بودجەکە دەردەکات، پاشان پشکی 17٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزاندی پشکی هەرێم بۆ 12٪ی بودجەی عێراق.
2. حکومەتی عێراق بە بەردەوامی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوانیش وەك هەرێمی کوردستان قەیرانی داراییان هەیەو قەرزاری کۆمپانیا نەوتیەکانن، هەر بۆیە کێشەی کەمی نەختینە (سیولة النقدیة) یان هەیەو ناتوانن لە کاتی خۆیدا پارە بنێرن.
3. سەبارەت بەو 10٪ی کە بۆ دواین جار لەو برە پارەیە بڕدرا، کە بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە، لە 543 ملیار دینارەوە کەمکرایەوە بۆ 488 ملیارو 700 ملیۆن دینار. حکومەتی عێراق پاساوی ئەوەی هەبوە، کە ئەوە بەهۆی قەرزی بانکی بازرگانی عێراقی (TBI) یەوەبردراوەو لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە بووە.
4. حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە مانگی نیسانی 2015دا بڕی 16 ملیۆنو 300 هەزار بەرمیل نەوتیان لەبەندەری جەیهانی تورکی داوەتە کۆمپانیای سۆمۆ، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە تەنها 15 ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، پاساوی ئەم جیاوازیەش بۆ ئەو مانگە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەوەبوە، کە بڕێك لە نەوتە هەناردە کراوەکەی هەرێم لە عەمبارەکاندا ماوەتەوەو نەفرۆشراوە.

5. حکومەتی ناوەندی عێراق پێی وایە: ئەو بڕە پارانەی کە ناردویێتی بۆ هەرێمی کوردستان بەشی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی رایگەیاندوە کە بودجەی موچەخۆرانی هەرێم مانگانە 850 ملیار دینارە.

لەم بارەیەوە حکومەتی عێراق بۆ هەردوو مانگی 11 و 12 ی ساڵی 2014، تەنها یەك ملیار دۆلاری بۆ هەرێم ناردوە، لە کاتێکدا وا بڕیار بوو کە بۆ هەر مانگێك لە مانگەکانی 10 و 11 و 12ی ساڵی 2014 بڕی 500 ملیۆن دۆلار ڕەوانە بکەن، بۆ مانگی 1ی ساڵی 2015 تەنها بڕی 250 ملیار دینار، بۆ مانگی 2 تەنها بڕی 491 ملیار دینار، بۆ مانگی 3 تەنها بڕی 527 ملیار دیناریان ڕەوانە کردووە و لە مانگی 4یشدا تەنها بڕی 488 ملیار دیناریان ناردووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت "بەغداد پابەند نەبوە بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە شایستەکانی پێشمەرگەوە دەبوایە مانگانە بڕی یەك ترلیۆن و 333 ملیار دیناریان ڕەوانەی هەرێم بکردایە بەپێی خشتەی هەژمارکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە هاوپێچی یاسای بودجەی فیدڕاڵە بۆ ساڵی 2015".

## سەربەخۆیی ئابوری

سەربەخۆیی ئابوری بۆ هەرێمی کوردستان: بریتی یە لە داڕشتنو پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئابوری سەربەخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە تیایدا حکومەتی هەرێم بەبێ گەڕانەوەو پشت بەستن بە حکومەتی عێراق سەرجەم داهاتەکانی (نەوت، باج، گومرگ، ڕسومات... ) کۆدەکاتەوەو خەرجیان دەکات.

لەئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی رازیکردنی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بڕیاری (سەربەخۆیی ئابوری هەرێم) بدەن، لەوەش زیاتر حکومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەشدایە حکومەتی ناوەند بەم بیرۆکەیە ڕازی بکات. بەڵام هەڵەکە لەوەدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئابوری بە فرۆشتنی نەوت و ڕاکێشانی بۆری نەوت تێگەیشتوە.

حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2011وە ناوبەناو پەیڕەوی فرۆشتنی نەوتی کردووە، بەبێ ڕەزامەندیو گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق، بەڵام بۆ ئەمڕۆ جیاوازیەکە ئەوەیە، کە ئێستا هەرێمی کوردستان دوو بۆری

(40 و 46 ئینج)ی ڕاکێشاوە، نەوتی کوردستانو پارێزگای کەرکوکیش لە ڕێگەی ئەم بۆریانەوە هەناردە دەکات.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئابوری پەڕەو بکات، پێویستە سەرەتا ژێرخانی ئابوری هەرێمی کوردستان لە کەرتەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی) ببوژێنێتەوەو داهاتی ناوخۆ جگە لە نەوت زیاد بکاتو ئاستی هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆ بەرزبکاتەوەو ئاستی هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی کەمبکاتەوە.

ئەوەی لە ئێستادا هانی حکومەتی هەرێم دەدات پەیڕەوی ئەم بژاردە نا کەموکورتەی (سەربەخۆیی ئابوری) بکات، ئەوەیە کە حکومەتی عێراق لە ئێستادا "ناتوانێت یان نایەوێت" مانگانە بڕی یەك ترلیۆنو 200 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، وەك ئەوەی لە بودجەی 2015دا بڕیاری لەبارەوە دراوە، بەشێوەیەك هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن، "عێراق کاتێك ئەو بڕە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت، کە مانگانە بتوانێت بە زیاتر لە 6 ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت". لە کاتێکدا داهاتی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی نیسانی 2015دا (4.800.000.000) دۆلار بووە.

ئەم بژاردەیە، واتە (سەربەخۆیی ئابوری) ئەگەرچی حکومەتی هەرێم وا نیشانی دەدات کە لە ناچاریدا پەنای بۆ دەبات، بەڵام کۆمەڵێك مەترسیو سەرکێشی لە خۆگرتوە. ئەگەر بەغدا بەشێوەی ساڵانی پێش 2014 بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکردایە، ڕەنگە دۆخەکە بەم ئاستە نەگەیشتایە.

## ئاستی بەرهەمی نەوتی هەرێم

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوێترین ڕاپۆرتیدا ئاشکرای کردوە، "مانگی ئایاری 2015 ڕۆژانە بڕی 577 هەزار و 621 بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی کردوە".

لەو بڕە "ڕۆژانە 407 هەزار و 111 بەرمیل نەوت لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێم بەرهەم هاتوەو 177 هەزار و 529 بەرمیل نەوتیش لە پارێزگای کەرکوك بەرهەم هاتوە".

پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە لە کۆتایی 2015دا، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان جگە لەو نەوتەی بە بۆری هەناردەی دەکات، بڕێکی تریش لە ناوخۆ

دەفرۆشێت، بۆ دانەوەی قەرزی کۆمپانیا نەوتیەکان، پەرلەمانتارێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان کۆی بەرهەمی ئێستای نەوتی هەرێمی کوردستان بە 800 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دەخەملێنێت.

پێشتریش، 4ی ئایاری 2015 وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کرد، کە لەمانگی نیسانی 2015دا بڕی 16,878,985 بەرمیل نەوتی خاو، بە تێکڕای 562,633 بەرمیلی رۆژانەی لەرێی هێڵی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جیهان کردوە لەتورکیا.

لەم بڕە، کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بە 12,457,371 بەرمیل، واتە بەتێکڕای 415,246 بەرمیلی رۆژانە بەشداریان کردوە، لەکاتێکدا کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور بە 4,421,614 بەرمیل، واتە تێکڕای 147,387 بەرمیلی رۆژانە بەشداربون.

## بژاردەکان

- **بەردەوامیدان بە رێکەوتنەکەی بەغداد - هەولێر:**

ئەگەرێکی کراوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی عێراق بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك بەردەوام بن لەسەر رێکەوتنەکەی تشرینی دووەمی 2014، وەك چۆن ئێستا ئەو رێکەوتنەیان ڕانەگرتوەو بەردەوامن لە جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە بە شێوەیەکی نارێكو پێك.

ئەم بۆچونەش لەلایەن عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوتی عێراق پشتڕاستکراوەتەوە، کاتێك رۆژی 26ی ئایاری 2015 بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرابوو، ناوبراویش بە لیژنەی نەوتو وزەی راگەیاندبو "حکومەتی عێراق لەگەڵ شایستە داراییەکانی ئەم مانگەدا (ئایار) ئەو بڕە زیادەیەی نەوتی هەرێم بە پارە قەرەبو دەکاتەوە، کە لەمانگی نیساندا رادەستی سۆمۆی کردوە".

وەزیری نەوتی عێراق بڕوای وایە "رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی هەناردەکردنی نەوت بەردەوامە و ماوە، بەڵام رێککەوتنەکە ئێستا پێویستی بە وردەکاری دیکە هەیە، لەبارەی بەرهەمهێنان و هەناردکردن و نرخەکان".

- **پێداچونەوە بە ڕێکەوتنەکە**

ڕۆژی 13ی ئایاری 2015 سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە بەغداد لەبارەی نەناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کۆبونەوە.

بەپێی ڕاگەیەنراوی کۆبونەوەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەهەناردەکردنی بڕی پێویستی نەوت بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە و یاسای بودجەی ساڵی 2015، تا پرسەکە دەگاتە ئەنجامێك، هەروەها حکومەتی هەرێم دەرفەتێکی دیکە دەدات بە حکومەتی ناوەندی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەو پرسەکان لەڕێگەی گفتوگۆکردن و دانوستانەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وابڕیارە وەفدێکی هەرێم سەردانی بەغدا بکات.

هەر لەسەر ئەم پرسە، هەمان ڕۆژ (عادل عەبدولمەهدی – وەزیری نەوتی عێراق) سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، میدیا عێراقیەکان بڵاویانکردەوە کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەزیری نەوتی عێراق گفتوگۆیانکردووە لەسەر پێداچونەوە بە ڕێکەوتنەکەی نێوان هەولێرو بەغداد. بەڵام بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم هەواڵە لەلایەن هیچ کام لە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم پشتڕاست نەکراوەتەوە.

هەرچەندە (عادل عەبدولمەهدی) ئەو کەسە نیە کە بڕیار لەسەر ڕێکەوتن و تێکدانی ڕێکەوتنەکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدات. بەڵام لەو نێوەندەشدا ڕۆڵی خۆی هەیە.

ئەوەی لەم پرسەدا جێگای زیاتری بایەخپێدانە ئەوەیە کە تا کۆتایی مانگی ئایاری 2015 پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، وەك خۆی دەمێنێتەوەو هەناردەکردنی نەوتیش لەژێر چاودێری کۆمپانیای (سۆمۆ) بەردەوام دەبێت. وەك بەشێك لە ڕێکەوتنەکەی نێوانیان.

ئەگەر لە داهاتودا گفتوگۆکان دەست پێبکاتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە بەغدا ڕازیبکات بە پێداچونەوە بە ڕێکەوتنە کۆنەکە، بەشێوەیەك هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێتو بودجەی خۆی دابین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا نەوتی کەرکوك بە بۆری هەرێمدا بۆ کۆمپانیای سۆمۆ هەناردە بکات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە بەغداد و پەرلەمانی کوردستان ئەو پشتگیریەی بەدەستهێناوە، کە ئەگەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق نەگەیشتنە ڕێکەوتنو بەغداش وەك هەولێر پابەندیەکانی سەر شانی جێبەجێ نەکرد، ئەو کات حکومەتی هەرێم سەرپشکە لەوەی بودجەی هەرێم بە ڕێگای تر بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دابین بکات، کە دیارترین ڕێگە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2013یە، (یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە داهاتە فیدراڵیەکان).

- **ڕێککەوتنێکی نوێ**

بە تێڕوانین لە بارودۆخی ئێستای عێراقو هەرێمی کوردستان کە لە چەند گرفتێکی وەك قەیرانی دارایی‌و شەڕی داعش نزیکن لە یەکدیەوە، دەکرێت حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم ڕێکەوتنێکی نوێی نەوتی ئیمزا بکەن. چونکە ڕێکەوتنە کۆنەکە لەلایەن هەردولاوە پێشێل کراوەو لەهەمانکاتدا تەفسیری جیاوازیشی بۆ دەکرێت، لایەنی کوردی پێیان وایە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بە قازانجی هەرێمە، لەبەرامبەریشدا لایەنی شیعەی عێراق، بە زیان بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق لێکی دەدەنەوە.

هەنگاوی کردارەکیش کە لەم بارەیەوە نراوە، نامەیەکی حکومەتی هەرێمە کە لە ڕێگەی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی عێراقەوە نێردراوە بۆ حەیدەر عەبادی دەستی سەرۆك وەزیرانی عێراق.

لەو نامەیەدا حکومەتی هەرێم پێشنیازی ڕێکەوتنێکی نوێ کردوە، بەپێی ڕێکەوتنەکە بەغدا ڕێگە بە هەرێم بدات نەوتی خۆی بفرۆشێت، لەبەرامبەردا هەرێم پابەند دەبێت بە پێدانی خەرجی سیادی و خەرجی حاکیمە بە حکومەتی عێراق.

ئەم بژاردەیە زۆرترین چانسی جێبەجێکردنی هەیە، چونکە حکومەتی عێراق لە ئێستادا لە دۆخێکی ئەمنی‌و ئابوری زۆر خراپدایەو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق (داعش) جگە لەوەی دوو شاری گەورەی عێراقی بە دەستەوەیە، لە هەمانکاتدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە بەغدای پایتەخت نزیك دبێتەوە.

حکومەتی عێراق ئەگەر ئەم بژاردەیە قبوڵ بکات، لەبەر ئەوەیە کە ڕێگری بکات لە جیابونەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان لە عێراق، توانای ئەوەشی نییە مەرج بەسەر حکومەتی هەرێمدا بسەپێنێت.

**ڕێکەوتنە نوێیەکە دەشێت لەسەر ئەم بنەمایانە دابمەزرێت:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی هەرێمو نەوتی کەرکوك لە ژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی (لیژنەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم) لە ڕێگەی بۆری کوردستانەوە هەناردەی تورکیا بکاتو بیفرۆشێتو هەر لە تورکیا پارەکە بخاتە سەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش گەڕاندنەوەی پارەکە بۆ عێراق.
2. لیژنەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم نوێنەری کۆمپانیای سۆمۆی تێدا دەبێت.

3. ئەگەر داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە تورکیاو لە هەر وڵاتێکی تر گەیشتە زیاتر لە یەك ترلیۆنو 200 ملیار دینار، لیژنەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم تەنها ئەو بڕە پارەیە تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە یاسای بودجەی 2015دا پەسەندکراوە.

4. حکومەتی عێراق خەرجی سیادیو حاکیمە لە پارەی فرۆشراوی نەوتی کوردستان و کەرکوك هەڵدەگرێت.

- **فرۆشتنی سەربەخۆیانەی نەوت**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پەیڕەوی "سەربەخۆیی ئابوری" خۆی بکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق، ئەگەر حکومەتی عێراق لەسەر هیچ کام لە بژاردەکانی پێشتر لەگەڵ هەرێم نەکەوێتە ڕێکەوتن.

بەپێی ئەم بژاردەیە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – تورکیاو تانکەرەوە نەوتی خۆی دەفرۆشێتو بودجەی خۆی لێ دابین دەکات، لەگەڵ سەرچاوەکانی تری داهاتی ناوخۆی هەرێم، کە ئەوانیش هیچیان ناگەڕێنەوە بۆ بەغداد.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان 800 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئەوەی هەناردە دەکرێت لە ڕێگەی بۆری کوردستانەوە، بە نەوتی پارێزگای کەرکوکیشەوە لە ئێستادا تەنها 650 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئەم ڕێژەیە لە ئێستادا کەمە و توانای پڕکردنەوەی کۆی پێویستیەکانی هەرێمی کوردستانو پارێزگای کەرکوکی نییە، دەبێت حکومەتی هەرێم وەك ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەبێ نەوتی کەرکوك، ئاستی هەناردەکردنی بگەیەنێتە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی تونای خۆ ژیێنی هەبێت، لە پاڵ بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی نەوتدا، پێویستە ئاستی داهاتی ناوخۆیی هەرێم کە ئێستا مانگانە 140 ملیار دینارە، بەرز بکاتەوەو هەموو پشتبەستنێکی بە داهاتی نەوت نەبێت.

یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بڕوای وایە: هەرێمی کوردستان چانسی ئەوەی هەیە نەوت بەشێوەی سەربەخۆ بفرۆشێت، ئەوەش دەخاتەڕوو کە 70 ڕۆژی دیکە سندوقی داهاتە نەوتییەکان دروستدەکرێت.

له ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا ڕانەگرتووە، بەڵام هەوڵەکانی خۆی چڕتر کردۆتەوە بۆ دۆزینەوەی کڕیاری پێویست بۆ نەوتی کوردستان ئەگەر سەربەخۆیی ئابوری ڕاگەیاند.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەوەدەکاتەوە "هیچ بەربەستێك بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهان نەماوە، تۆپەکە ئێستا لە گۆڕەپانی بەغدایە، ئەگەر پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێت، لەسەری مانگی داهاتوە و هەرێم نەوتی خۆی لە دەرەوەی کۆمپانیای سۆمۆ بۆخۆی دەیفرۆشێت".

ئەوەش ئاشکرا دەکات "حکومـەتی عێراق لە هەمو ئەو سکاڵایانەی پێشتر لە دادگە بەرامبەر بەهەرێم تۆماریان کردبو شکستی هێنا و بەپێچەوانەوە کڕیارانی نەوتی هەرێم زیاتر بوە و بەشێك لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئامادەن پارەی پێشەکی بدەن و بودجەی یەك ساڵی بدەن و هەشە بودجەی شەش مانگ و سێ مانگ دەدات، هەروەها هەن کە دەڵێن چۆنتان پێ باشە وا ڕێك دەکەوین، تەنها هەرێم بەنرخی ڕۆژ نەوتییان پێ بفرۆشێت".

ئەوەی زیاتر هەرێمی کوردستان لەم بڕاردەیە نزیك دەکاتەوە، ئەو ئاماژانەیە کە لە بانکی ناوەندی عێراقەوە نیشان دەدرێن، کە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئایاری 2015ش هەر وەکو مانگی پێشتر دەبێت، واتە: وەك چۆن مانگی نیسان بەغدا 10٪ی ئەو بڕە پارەیەی بڕی کە بڕیاربوو بینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان.

## بەربەستەکان

- **کەمی کڕیاری نەوت:** ساڵی 2014 حکومەتی هەرێم بۆ ماوەی چەند مانگێك بەبێ ڕەزامەندی بەغداد نەوتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرد، بەڵام ئەم نەوتە لەلایەن کڕیارانی نەوتەوە بەشێوەیەکی باش پێشوازی لێنەکرا، تەنانەت هەندێك لەو کڕیارانە لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕووبەڕوی کێشەی یاسایی بونەوە.

هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ئێستاشدا جێگەی مەترسیە، ئەگەرچی بە بەردەوامی حکومەتی هەرێم بانگەشەی ئەوە دەکات کە تورکیا (بەرێکەوتنە 50 ساڵیەکەی نێوانیان) ئامادەیە لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات، بۆ بە بازاڕکردنی نەوتی کوردستان.

هەندێك سەرچاوەش باس لەوە دەکەن "حکومەتی هەرێم لەگەڵ پێنج کۆمپانیا گفتوگۆی کردووە بۆ کڕینی نەوتی کوردستانو ئەوانیش ئامادەیی تەواویان دەربڕیووە بۆ ئەو کارە، بە ڕێژەیەکی زیاتر لە ئێستاش، تەنانەت ئامادەن بودجەی چەند مانگێکی هەرێم وەك پێشەکی بدەنە حکومەتی هەرێم".

ڕۆژی 14ی ئاداری 2015 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی کێشە نوێیەکانی هەولێرو بەغداد، سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد، دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە لە ساڵی 2015دا کێشەی کڕیارمان نەماوەو نەوتی کوردستان داواکاری زۆری لەسەرە، لە لایەن کۆمپانیا جیهانیەکانەوە.

- **نەبونی گرەنتی:** تا ئێستا هیچ گرەنتیەك نابینرێت بۆ بەردەوام بونی کڕیاری نەوت لە تورکیا، ئەوەی حکومەتی هەرێم بە گرەنتی دەزانێت تەنها رێکەوتنە 50 ساڵیەکەی نێوانیانە، کە هیچ رێکخراوێك یان لیژنەیەکی دادوەریش لەنێوانیاندا بوونی نییە، بۆ چاودێریکردنی رێکەوتنەکە، ئەمەش بە مەترسی دەزانرێت بۆ راگرتنی رێکەوتنەکە لە هەر کاتێکدا.

ئەوەی لەم مەسەلەیەدا لای سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو وەزیری سامانە سروشتیەکان بەنهێنی ماوەتەوە، ئەوەیە کە تەنها ئەوان دەزانن ئایا کڕیارەکانی نەوت بە چ نرخێك نەوت لە هەرێم دەکڕن؟ چ گرنتیەك هەیە کە لەو کارەیان بەردەوام دەبن؟

➢ **هەڵوێست وەرگرتنی بەغداد:** لە رابردوودا حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك دژایەتی خۆی راگەیاندوە لە دژی پەیڕەوکردنی بڕاردەی سەربەخۆیی ئابوری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو، وایکرد (نوری مالیکی – سەرۆك وەزیرانی پێشوی عێراق) بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، ئەمە جگە لەوەی لە تەموزی 2014دا حکومەتی عێراق بە ڕەسمی لە دادگاکانی ئەمریکا سکاڵای لەسەر کەشتییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان تۆمار کردووە.

ئەگەرچی بارودۆخی ئێستای عێراق زۆر خراپە، بەهۆی شەڕی داعشەوە، بەڵام پێشبینی ناکرێت عێراق ئەم بڕاردەیەی هەرێمی کوردستان قبوڵ بکات، لەبەر ئەمە پێشبینی دەکرێت حکومەتی عێراق بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم سیاسەتە نوێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێگایانە بگرێتەبەر:

1- **ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانیەکان لە فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە:** ئەم کارە دەسەڵاتێکی حکومەتی فیدراڵی عێراقە، ئەم گرفتە ئەگەرچی کێشەیەکی گەورەیە بە نیسبەت پرۆسەی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئابوری رابگەیەنێتو سەرکەوتوو بێت تیدایدا، دەتوانێت ئەم گرفتەش چارەسەر بکات.

2- **دروستکردنی کێشەی یاسایی لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە:** ئەم کێشەیە بۆ پڕۆسەی بە بازاڕکردنی نەوتی کوردستان دروست دەکرێت، لەم ڕووەشەوە سکاڵاکەی تەموزی 2014 شایەنی بە هەند وەرگرتنە، کە بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی نەوتی کەشتی یونایتد کالاڤرتا، بەڵام دواجار حکومەتی هەرێم بەسەر ئەو گرفتەشدا زاڵ بوو، کەشتیەکە لە 25ی ئابی 2014 بەتاڵکرایەوەو نەوتەکەی فرۆشرا.

3– **ڕاگرتنی هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان:** حکومەتی عێراق هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ڕاگرتنی هەر جۆرە هاوکاریەکی نێودەوڵەتی کە لەبەرامبەر جەنگی دژی تیرۆر (داعش)، لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە پێشکەشی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەتایبەتی لە هاوکاریە سەربازیەکان و چەكو تەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە. کە بەپێی یاسای بوجەی 2015ی عێراق، دەبێت بەغدا لە هاریکاریەکان بەشی هەولێر بدات.

4- **ڕاگرتنی هەماهەنگیەکانی شەڕی دژی داعش:** مەترسی ئەوەدەکرێت حکومەتی عێراق هەماهەنگیەکانی سوپای عێراق لە شەڕی دژی داعشدا، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕابگرێت، ئەمەش ببێتە هۆی دروستبونی بۆشایی ئەمنی، لە ناوچەکانی نزیك سنورەکانی هێزی پێشمەرگە، لەم

ڕێگەیەشەوە ئەگەری دووبارە گەڕانەوەی داعش بۆ ناوچەکە، کە لە ئێستادا زۆر لاوازەو، بەهێزتر دەبێت.

5- **دەرکردنی وەزیرو پەرلەمانتارە کوردەکان:** ئەگەر بارگرژییەکان بەهۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئابورییەوە بگاتە لوتکەی توندی، حکومەتی عێراق ڕێگە نادات وەزیرە کوردەکان لە حکومەتەکەیدا بەردەوام بن، ئەمە بۆ پەرلەمانتارە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانیش ڕاستە، ئەگەر ئەمەش ڕونەدات، مەترسی دەکرێت کێشەی ئەمنیان بۆ دروست بکرێت، تا بەغدا بەجێبهێڵن.

- **گرفتە تەکنیکیەکان:** پێشبینی دەکرێت ئەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوان کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)و تورکیا لە ڕابردودا واژۆکراوە، لەلایەن بەغداوە لە دژی تورکیاو هەرێمی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێتو تورکیا ڕوبەڕوی سزای ئابوری بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا پێویستی بە کۆمەڵێك پێویستی تەکنیکی وەك بۆری و کۆگا هەیە، بۆریە نەوتەکەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا توانی هەناردەکردنی تەنها 750 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە. ئەو کۆگایانەش کە ئێستا لە بەندەری جیهانی تورکی دراونەتە حکومەتی هەرێم، بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراق بووە، پێدەچێت یەکەم هەنگاو کە لەم ڕووەوە عێراق دەینێت، سزادانی تورکیا دەبێت لەسەر پابەندنەبون بە ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، لەگەڵ لێسەندنەوەی ئەو کۆگا نەوتیانە کە تەرخانیکردووە بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان.

لە ئێستادا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ 650 هەزار بەرمیل بەرز بۆتەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بانگەشەی ئەوە دەکات کە تا کۆتایی 2015 ئاستی هەناردەکردنی نەوت دەگەیەنێتە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەم ڕێژەیە ئەگەرچی جێگەی دڵخۆشیە، بەڵام ئەگەر کۆگای نەوتی پێویست لە بەندەری جەیهان نەبێت بۆ عەمبارکردنی نەوتە هەناردەکراوەکە، ئەوکات حکومەتی هەرێم ناتوانێت ئەو ڕێژەیە هەناردە بکات.

## دەرئه نجام

1. هەولێرو بەغدا هەر یەکەیان بە شێوازی جیاواز ڕێکەوتنی نەوتی 2014 یان جێبەجێ نەکردووە.
2. حکومەتی عێراق ناتوانێت پشکی 17٪ی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2015 بدات.
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەبێ وەرگرتنی پشکی 17٪ی بودجە پابەندبێت بە مەرجەکانی ڕێکەوتنە نەوتیەکەوە.
4. حکومەتی هەرێم لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵەوە کار لەسەر بژاردەی سەربەخۆیی ئابوری دەکات.
5. حکومەتی ناوەندی عێراق بەهیچ شێوەیەك بە سەربەخۆیی ئابوری هەرێم ڕازی نابێت.
6. بەغدا بە هەموو توانایەوە دژایەتی سەربەخۆیی ئابوری هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ کاتێك وەك ئێستا لاواز نەبووە.
7. حکومەتی هەرێم ئامادەکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی کڕیاری پێویست بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان.
8. حکومەتی هەرێم لە کۆتایی 2015دا ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆ یەك ملیۆن بەرمیل بەرز دەکاتەوە.
9. حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا هێشتا دەرگای گفتوگۆی دانەخستوە.
10. حکومەتی هەرێم تەنها لە کاتێکدا دەسبەرداری بژاردەی سەربەخۆیی ئابووری دەبێت، کە بەغدا بتوانێت پشکی هەرێم لە بەودجەی 2015 بۆ دابین بکات.

## ڕاسپاردەکان

1. حکومەتی هەرێم لە گفتوگۆکانی بەردەوام بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقدا، بۆ بەدەستهێنانی پشکی هەرێم لە بودجەی 2015ی عێراقدا. لە هەمان کاتدا کار لەسەر سەربەخۆیی ئابوری خۆی بکات، واتە هەردوو بژاردەکە کراوەبێت بۆی.
2. حکومەتی هەرێم ئیلتزامی تەواو بکات بەو ڕێکەوتنەی کە لە کۆتایی 2014 لەگەڵ بەغداد ئیمزای کردوە، بۆ ئەوەی بە ڕونی دەربکەوێت کێ ئیلتزام ناکات.
3. حکومەتی هەرێم دەرفەتێکی چەند مانگی بداتە حکومەتی ناوەندی بۆ پابەندبون بە پێدانی پشکی هەرێم لە یاسای بودجەی 2015ی عێراق، لەگەڵ پێدانی موستەحەقاتی چەند مانگی رابردووی هەرێم کە نەیناردووە، بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێم سەربەخۆیی ئابوری بەکاربخات.
4. بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرایەتیەکانی خۆی لە دەرەوەو سەرجەم سەفارەتو قونسوڵخانەکانی وڵاتان ئاگادار بکاتەوە، لە بڕینی بودجەی هەرێمو ئەو پێشێلکاریانەی کە حکومەتی عێراق لە یاسای بودجەی 2015ی عێراق بەرامبەر هەرێم دەیکات.
5. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە شەفافی داهاتی نەوت بخاتە بەردەستی خەڵك و پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لە هەنگاوەکانی داهاتویدا خەڵکی کوردستان بە متمانەوە پشتیوانی بکەن.

## سەرچاوەکان


1. ڕاپۆرتی نیسانی 2015ی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53345
2. ڕاگەیەنراوی کۆبونەوەی نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە ڕۆژی 13ی ئایار.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53301
3. کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی نێوان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ڕۆژی 14ی ئایار.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53317
4. ئەگەر عێراق پابەند نەبێت هەولێر خۆی نەوت دەفرۆشێت:
http://rudaw.net/sorani/business/120520155
5. عێراق واز لە نەوتی هەرێم ناهێنێت:
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=32679&LinkID=1&leguaid
6. هەرێم هەناردەی نەوتی گەیاندە (650) هەزار:
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=45417&LinkID=9
7. بەرەو یەك ملیۆن بەرمیل
http://mnr.krg.org/index.php/ku/2013-09-16-10-55-57
8. وەزیرانی کورد چاوەڕوانی وەڵامی عەبادین
http://rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/2305201516
9. هەولێر نەخشەڕێگایەك دەداتە بەغدا – ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (1562) لاپەڕە (7).
10. فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوت – ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (480) لاپەڕە (8).
11. بەغدا ئەم مانگە قەرەبوی پارەی مانگی ڕابردوی کوردستان دەکاتەوە
http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=45696&LinkID=9
12. عادل عەبدولمەهدی: ڕێککەوتنمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ماوە
http://rudaw.net/sorani/business/300520156
13. حکومەتی هەرێم دوا بڕیاری خۆی دەدات
http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=45700&LinkID=9
14. هەرێم چانسی فرۆشتنی نەوتی خۆی هەیە
http://snnc.co/News.aspx?id=21787&MapID=1
15. کۆمپانیاکانی نەوت ئامادەن بودجەی یەك ساڵی هەرێم بدەن
http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=45781&LinkID=9
16. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان 800 هەزار بەرمیلە
http://m.dengiamerika.com/a/2800534.html
17. بەغدا بۆ مانگی ئایاریش بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە
http://rudaw.net/sorani/business/010620153
18. لەبارەی چەند لێدوانێکی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە.
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=53391